Kurdistan Nêt

# تابلۆ

ئەي عەشق ،مە هێڵە ئە مجارە ڕەشەباكان

عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ)

26-11-200 1

بمبەن بۆ د ۆزە خی بێ نەوايي و دوو رە ياری

مە هێڵە گريان بمداتە كۆڵی گە مە ی

نێو پەرژينە قەدە غە كراوەكانی ژيان

تۆ مە هێڵە....لە پاداشتی سووتانێكا

چاو بگێڕم لە خۆڵەمێشی جەستە .

ئەی عەشق...دەبێ خەتاكانم بە چ بارانێك بشۆمەوە؟

شە قا مە ڕێي ئەم كۆچەم بۆ دەستەمۆ نەكرێ و

لەگەڵ باراندا سترانە دڵ گەچراوەكان ئەبێژم.

ئەو گوناهە گاورەيەم بۆ كرد ..ببوورە..

نەمئەزانی تۆ ئامێزی گەردەلوول و تۆفانەكان

ئەكەی بە هێلانەی خۆت و منيش لەبەر ڕەهێڵەدا

ئەدەی لە سێدارەی تۆڵە.

نەمئەزانی، لەبەر دەرگای سووكە گريانێكی غەمبار

چاو لێك ئەنێي

منيش لەبەر دەم وەيشەمەی دووری تۆدا

جەستەم ئەبێتە بوركانی توانەوەو خۆشەويستی.

ئەی عەشق...من بێزارم لە رۆتينياتی ئاخ و ئۆف

لە سكاڵای بێ دەربەستي و لە خەمنامەی بێ وەفايي

من بە بۆنی ئێوارەكانی تەنيايي و

كۆڵانەكانی غەريبي و

چاوەڕوانی ڕاهاتووم و

شەونمي دووری فرمێسكی چاوي سريوم...ئەی عەشق.

باران ئەمشواو

گریان ئەمشواو

دووری ئەمشواو....تۆ هەر نایەی

چاوەڕوانی ئەرسکێت و

خەم ئەڕسکێ و

عەشق ئەڕسکێ و...تۆ هەر نایەی

دڵم ئەمرێ و

تاسە ئەمرێ و

تۆ هەر نایەی.

تۆ کاتێ د ێي...عەشق ببێتە هەڵمێکی

پەلکە زێرینەیي ڕووت و

ببێ بە ئەلبومي تەم و

بە ماچێکی دەست لێ نەدراو

تۆ کاتێ د ێي ..کە من ئیتر ماڵئاواییم کرد بێ

لە پێناسەکانی ئەڤین و

سەرجەم خۆزگە واریوەکان.

کە د ێي ئیتر جەستەیەکی بەفرین ئەگریتە باوەش و،

د ڵێکی سارد ، خەریکی پێچانەوەی خەندە مد دووەکانە.

د ڵێکی سارد..خەریکی سپارد نی دووایین هەناسەی وەرسي یە.

کە د ێي ئیتر ئەفسوسێك پێشوازیت ئەکات...ئەی عاشق .